ترەمپ و نەردەی کەشکی سپی پلان بە سەرکردە عەرەبییەکان بە کەتاییهێنان بە شەڕی غەززە دەخەنە ڕوو

ماڵپەڕەی "پۆلیتیکۆ"ی ئەمریکی ئەمڕۆ چوارشەممە بە پشتبەستن بە شەش سەرچاوەی ئاگادار لە ڕاپۆرتەکدا ڕایگەیاند، دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بەڕێنی بە سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی داوە کە ڕێگە بە ئیسرائیل نادات کەناری ڕۆژئاوا بخاتە ژێر ئەفی خۆیەوە.

بەپێی ماڵپەڕەی "پۆلیتیکۆ"ی ئەمریکی، "ترەمپ لەسەر ئەم پرسە پتەو بو، بەڕێنیدا ڕێگە بە ئیسرائیل نەدات دەست بەسەر کەناری ڕۆژئاوادا بگرێت".

دو سەرچاوەی دیکەی ئاگادار لەو بابەتە ئاماژەیان بەوە کردوە کە "ترەمپ و تیمەکەی وەرەقەیەکی سپییان پێشکەش کردوە کە پلانی ئیدارەی وڵاتەکەی بە کەتاییهێنان بە شەڕەکە خستەتەڕو، لەوانە بەڕێنی لکاندن و وردەکاریەکانی دیکەی وەك حوکمانی و ئاسایشی دوای جەنگیان باسکردوە".

دوای کەتاییهاتنی کۆبونەوەیەکی لەگەڵ سەرکردە عەرەبی و ئیسلامیەکان لە نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە غەززە، ترەمپ ڕایگەیاند، کۆبونەوەکەم لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی و موسڵمانەکان سەبارەت بە غەززە زۆر گەورە بو.